# پەروەردەکاران جیاوازیی قوتابخانە حکوومی و ئەهلییەکان تاوتوێ دەکەن

## «قوتابخانە ئەهلییەکان تەنیا لە بەرژەوەندیی چینێکی دیاریکراوی کۆمەڵگەدایە»

**ئایا ئاستی فێربوون لە قوتابخانە حکوومییەکان تا ئەو رادەیە نزمە کە ژمارەیەکی زۆر لە دایك و باوکان پەنا بۆ قوتابخانەی ئەهلی ببەن، یاخود چاولێکەری و مۆدێل و بازرگانیکردنە؟ توێژەرێك جەخت لەوە دەکاتەوە کە قوتابخانە حکوومییەکان کار بۆ پێگەیاندنی کەسیەتی زیاتری قوتابیان دەکەن و لێپرسینەوە دەکەن لەوەی ئەگەر رەفتارێکی هەڵەیان هەبێ، بەڵام لە هەندێ قوتابخانەی ئەهلی مامۆستا ناتوانێ هیچ بە قوتابی بڵێت، نەوەکو قوتابییەکەی تەرکی قوتابخانەکە بکات، خۆیشی دەربکرێت، رایەکیش جەخت لەوە دەکاتەوە کە دەرچووی قوتابخانەی ئەهلی لانیکەم دوو زمانی بیانی فێردەبێت کە بۆ ئایندەی خۆی لە بازاڕی کاردا، ئەگەر لە سوودی لە بڕوانامەکەی زیاتر نەبێت، کەمتر نییە. پەروەردەکاران و بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گۆڤاری گوڵان لە دیدی جیاوازەوە راوسەرنجی خۆیان بۆ ئەو پرسە گکرینگە دەخەنەڕوو.**

گوڵان: کۆمەڵایەتی



«ئەگەرچی کوڕەکەم لە قوتابخانەیەکی حکوومی دەخوێنێت، بەڵام لە ئاستێکی زۆرباشدایە و ماوەی چوارساڵە بە یەکەم دەردەچێت، تەنانەت بەهۆی هاتنی ئاوارەکانی کەرکووك و خورماتوو ژمارەی قوتابییان لە پۆلەکەیدا نزیکەی ٧٠ قوتابی بوو، ئەوەش هیچ کاریگەری لەسەر ئاستی فێربوونی کوڕەکەم نەکرد.» ئەوە قسەی رووپاك ئیبراهیم بوو. ئەو دایکە جەخت لەوە دەکاتەوە سەرەڕای ئەوەی کوڕەکەی لە ئاستێکی باشی خوێندندایە، لە هەمان کاتیشدا وەك خۆی باسی دەکات لەم دۆخەی کە دەگوزەرێ نیگەرانە و هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «منیش وەك زۆربەی دایکان حەز دەکەم منداڵەکەم لە ناوەندێکی باش بخوێنێت و ئایندەیەکی باشی هەبێت، لێرەوە داواکارم لە حکومەت و وەزارەتی پەروەردە ئاستی قوتابخانە حکوومییەکان باشتر بکەن و گرنگی بە دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی بینایەی قوتابخانەکان بدەن، چونکە بەهۆی هاتنی بە لێشاوی ئاوارە بۆ هەولێر قەرەباڵغییەك لە قوتابخانەکان بەتایبەت لە قوتابخانە حکوومییەکان دروست بووە.»

نووسەر و مامۆستای زانکۆ سالار تاوەگۆزی، رایوایە «هۆکارەکە بەشێکی چاولێکەرییە و بەشەکەی دیکەی بۆ خراپیی کوالێتی خوێندن و خراپیی خزمەتگوزارییەکانیان لە قوتابخانە حکوومییەکاندا دەگەڕێتەوە.» گوتیشی: «هەست بە ئەوە دەکرێت لە حکومەت ئاراستەیەك بۆ بایەخدانی زیاتر بە قوتابخانە ئەهلییەکان هەیە، ئیتر لەبەر لایەنە بازرگانییەکەی بێت، یان هەر لایەنێکی دی بێت. بەڵام بۆ ئایندەش دەرچووانی قوتابخانە حکوومییەکان چانسی وەرگرتنیان لە زانکۆکانی ناوەو دەرەوەی هەرێم و دامەزراندنیان لە کەرتی گشتی و تایبەتدا کەمترە. چونکە دەرچووی قوتابخانەی ئەهلی هەرنا دوو زمانی بیانی فێردەبێت کە بۆ ئایندەی ئەوان لە بازاڕی کاردا لە بڕوانامە زیاتر نەبێت، کەمتر نییە.

ئەو مامۆستایەی زانکۆ چارەسەر لەوەدا دەبینێت: «سیستمی خوێندن لە قوتابخانە حکوومییەکان باشتر بکرێت.» هاوکات پێشنیار دەکات: «حکومەت دادپەروەریی لە نێوان کەرتی تایبەتی و گشتی لە سێکتەری پەروەردەدا رەچاو بکات.

چالاکی مەدەنی سندس حوسێن عەلی لە هەڵەبجەی شەهید، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «لەم چەند ساڵەی دواییدا ئاستی خوێندن بە شێوەیەك دابەزیوە کە وایکردووە کەسوکاری قوتابی بیر لەوە بکەنەوە، بە ناچاری منداڵەکانیان بنێرنە قوتابخانە و پەیمانگا و کۆلێژە ئەهلییەکان، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند خاڵێکی لاوازی سیستەمی خوێندن لە هەرێمی کوردستان، پاش ئەوەی بە ناو سیستەمی خوێندنی سویدی پەیڕەو کرا، دیاردەی قوتابخانەی تایبەتیش رووی لەزیادبوون کرد، من ئەوە بە گەورەترین هەڵە و بازدانێکی نامەنتقی لە پەیڕەوکردنی سیستمی خوێندن دەبینم کە رووبەڕووی قوتابیی کورد کراوەتەوە، چونکە ئاستی خوێندن لە عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی نەگەیشتۆتە قوناغێکی وەها کە بەراورد، یان یەکسانی بکەین بە سوید. بۆ نموونە سیستمی خوێندنی سویدی پێویستە مامۆستای پسپۆڕ و شارەزا و کات و شوێنی گونجاو و بەرنامەی خۆراکی و وەرزش و هۆڵی تاقیکردنەوەکانی هەمووی لەبار بێت، تا قوتابیان بتوانن بە سەرکەوتوویی بابەتەکان بخوێنن و تێیدا سەرکەوتووبن. نەك وەك قوتابخانەکانی

**داواکارم لە حکومەت و وەزارەتی پەروەردە ئاستی قوتابخانە حکوومییەکان باشتر بکەن و گرنگی بە دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی بینایەی قوتابخانەکان بدەن**

**بۆهۆی هاتنی بە لێشاوی ئاوارە بۆ هەولێر قەرەباڵغییەک لە قوتابخانەکان بەتایبەت لە قوتابخانە حکوومییەکان دروست بووە**

**دەرچووانی قوتابخانە حکوومییەکان چانسی وەرگرتنیان لە زانکۆکانی ناوەو دەرەوەی هەرێم و دامەزراندنیان لە کەرتی گشتی و تایبەتدا کەمترە**



**دەرچووی قوتابخانەی ئەهلی هەرنا دوو زمانی بیانی فێردەبێت کە بۆ ئایندەی ئەوان لە بازاڕی کاردا لە بڕوانامە زیاتر نەبێت، کەمتر نییە**

هەرێمی کوردستان کە ئەگەر سەرنج بدەن، دەبینن هەر پۆلێک زیاد لە ٤٠ قوتابی تێدایە. پاشان قوتابخانە و کۆلێژە ئەهلییەکان بە سیستمێکی سەردەمیانە و پێشکەوتوو ئەو بۆشاییەیان پڕکردووەتەوە بۆ ئەوەی سەرنجی قوتابیان و دایک و باوکانیان بەلای خۆیاندا رابکێشن بەرامبەر بە بڕە پارەیەک، ئەوەش دەتوانم بڵێم زیاتر لە بەرژەوەندیی چینێکی دیاریکراوی کۆمەڵگەیە، هەرچەندە لەلایەن حکومەتەوە رەنگە ئەو بڕە پارەیە رەزامەندی لەسەر درابێت، بەلام لە سوود و بەرژەوەندیی گشتی نییە و زۆر قوتابی بە هۆی خراپیی بار و گوزەرانی ماددییەوە ناتوانن لەو دەرفەتە سوودمەند بن کە لە قوتابخانە ئەهلییەکان بخوێنن. لەگەڵ ئەمانەشدا ناردنی منداڵان لەلایەن هەندێک دایک و باوک لە هەرێمی کوردستان بووەتە چاولێکەری و خۆجیاکردنەوە لە چینی خوارەوە، چونکە قوتابخانە ئەهلییەکان سەرەرای گونجاوی و شیاوی و لەباری لەهەموو روویەکەوە بۆ خوێندن بەڵام نەمانبینیوە قوتابییان لەسەر ئاستی هەریمی کوردستان و عێراق یەکەم بێت، بەڵام دەرچوانی کۆلێژ و زانکۆ ئەهلییەکان توانییانە تا رادەیەکی باش بەتواناتر بن، لە رووی فێربوونی چەند زمانێك و بوونی هۆڵی تاقیگە و ئینتەرنێت و هۆڵە جیاوازە پیشەییەکانیان بە شێوازێکی سەردەمییانە کە وا لە قوتابی دەکات، ئاگاداری هەنگاونانەکانی جیهان بێت لە رووی پێشکەوتنی زانستییانە. هەروەها جگە لە زمانی دایك، ناچار دەکرێن کە چەند زمانێکی دی فێر ببن، کە ئەمەش رۆڵ و کاریگەری خۆی هەیە، بەتایبەت لەم سەردەمی کرانەوە جیهانییەی وڵاتان، ئومێدەوارم هەموو قوتابخانە حکومییەکانیش بە شێوەیەکی شیاو و گونجاو رێکبخرێن و گرنگیی زیاتر بەوە بدرێت کە لە سەر سیستمی جیهانی بن و لە قوتابخانە ئەهلییەکانیش نەهێڵن کوالیتی و ئاستی فێرکردن بە هۆی بەرتیل و واسیتە بۆ قوتابییەکانیان دابەزێت.

**پێویستە سیستمی خوێندن لە قوتابخانە حکومییەکان باشتر بکرێت و حکومەت دادپەروەریی تەواو لە نێوان کەرتی تایبەتی و گشتی لە سێکتەری پەروەردەدا رەچاو بکات**

مامۆستا خەلیل پالانی، رایوایە «بەراوردکاری لە جیاوازیی نێوان قوتابخانە ئەهلی و حکومییەکان، هەر ئەوە نییە کە ئەمیان بەخۆڕاییە، بۆیە ئاستی گەیاندنی زانیاری بە قوتابییان لاوازە و بە شێوەیەکی باش پەروەردە نابن و فێرناکرێن و ئەویتریان، چونکە بە پارەیە ئاستی زانستیی قوتابیانی بەرزترە، ئەمە بیرکردنەوەیەکی هەڵەیە و مەرج نییە هەموو قوتابخانە ئەهلییەکان لە حکومییەکان باشتر بن، بەڵام سەرکەوتنی زۆربەی قوتابخانە ئەهلییەکان لەو جیاوازییە دەبینم کە ئەوان چەندین پلان و بەرنامەیان هەیە کە پێیەوە پابەندن و وەکو ریکلامێکیش دەیخەنەڕوو بۆ ئەوەی دایك و باوکی قوتابی زیاتر روویان تێبکەن، چونکە لە قازانجی خۆیانە، کە بەداخەوە ئەو رێساو پلان و بەرنامانەی کە بۆ بەرەوپێشچوونی ئاستی زانستیی قوتابی لە قوتابخانە حکومییەکان پێویستن، نەك هەر گرنگی پێ نادرێ، بەڵکو هەر زۆر لاوازە و هەندێ جاریش بوونی نییە، بۆیە دەکرێ وەزارەتی پەروەردە هەر ساڵەو شێوازێك لە بەرێوەبردنی قوتابخانە پەیرەو بکات، بەدواداچوون بکەن و لە رێگەی بەرنامە و پلانێکی گشتگیرەوە، پێویستە هەوڵ بدەن قوتابخانە حکومیەکانیش خودانی بەرنامە و پلانی تۆکمەی خۆیان بن بۆ سەرکەوتنی پرۆسەکە و بەرزکردنەوەی ئاستی قوتابییان و ساڵانە هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی زانستیی قوتابخانەکان بکرێت و پاداشت و سزای قوتابخانەکان لەبەرچاو بگیرێ و گیانی کێبڕکێ هەروەکو قوتابخانە ئەهلییەکان بنیاد بنرێ، بەم شێوە دەتوانرێ ئاستی ئەو قوتابخانە حکومییانە بەرزتر بکرێتەوە و خزمەت بە چینی هەژار و کەمدەرامەتی وڵاتەکەمان بکرێت.»

**ئاستی خوێندن بە شێوەیەک دابەزیوە کە وایکردووە کەسوکاری قوتابی بیر لەوە بکەنەوە، بە ناچاری منداڵەکانیان بنێرنە قوتابخانە و پەیمانگا و کۆلێژە ئەهلییەکان**

هیمن سالح، رۆژنامەنووس توێژەری کۆمەڵایەتییە ئاماژە بەوە دەکات کە «سەرەرای ئەوەی قوتابخانە حکومییەکان کوالێتیی بینا و پێداویستیی قوتابیانیان خراپە، بەڵام تاوەکو ئێستا بەراورد بە قوتابخانە ئەهلییەکان باشترە، قوتابخانە ئەهلییەکان زیاتر بە رێکلامی بازرگانی کار لەسەر راکێشانی خەڵکی دەکەن، بەوەی ئەگەر منداڵەکانیان لەوێ نەبن، فێری زمان نابن، بەتایبەتی زمانی ئینگلیزی کە ئێستا لای خەڵکی بووەتە زەروورەت و زمانێکی جیهانییە. بەڵام لە راستیدا فێربوونی زمان شێوازی زۆری هەیە، کە لەم سەردەمە هیچ پێویست بە قوتابخانە ناکات، ئێستا منداڵان هەر بە دیار کارتۆنەکان و بەکارهێنانی ئایپادەوە فێری ئینگلیزی دەبن، بەڵام گرنگترین خاڵ کە دەبێت ئێمە کاری بۆ بکەین، پەروەردەیە، پەروەردەی قوتابخانە ئەهلییەکان زیاتر بازرگانییە نەك پەروەردەیی، بۆ نموونە قوتابخانە حکومییەکان کار بۆ پێگەیاندنی کەسیەتی زیاتری قوتابیان دەکەن و لێپرسینەوە دەکەن لەوەی کە رەفتارێکی هەڵەیان هەبێ، تاوەکو خۆیان چاك بکەن،بەڵام لە هەندێ قوتابخانەی ئەهلی مامۆستا ناتوانێ هیچ بە قوتابی بڵێت، نەوەکو تەرکی قوتابخانەکە بکات، کە بەوەش رەنگە لای بەرێوەبەر رووبەڕووی دەرکردن ببێتەوە لەبەرئەوە مامۆستا لەو شوێنانە بۆ بەرژەوەندی ماددی کلاوی خۆی بەدەست گرتووە، هەتا با نەبیات، لێرەش یاسایەکی رێکخراو نییە کە رێگە لە دەرکردنی مامۆستا لە قوتابخانەیەکی حکومی، یان کەرتی تایبەت بە گشتی بگرێت، لەبەر ئەوە ئەوە راست نییە کە قوتابخانە ئەهلییەکان باشتر بن لە حکومییەکان، ئەگەر لە شتێك باشتر بن، لە دەیانی دیکە خراپترن، خەڵکەکەش لەبەر چاولێکەری و رێکلام روو لە قوتابخانە ئەهلییەکان دەکەن کە ئەوەش لەسەر حیسابی قوتابخانە حکومییەکان بووە.

# لە پێناو بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندن پرۆژەیەکی ئەورووپی لە کوردستان جێبەجێ دەکرێت

نیلسۆن ماندێلا دەڵێت پەروەردە بەهێزترین چەکە کە دەتوانیت بەکاری بهێنیت تا جیهان بگۆڕیت. بێگومان گەشەی هەر وڵاتێك بەندە بە سیستمی پەروەردە لەو وڵاتە و چەندایەتی و چۆنایەتی ئەو سیستەمەش هەتا زیاتر وردبینی لەسەر کرابێت، پتر دەستکەوتی دەبێت. ماوەیەکە بە مەبەستی چارەسەرکردنی گرفتەکانی خوێندن و بەزرکردنەوەی ئاستی خوێندن لە قوتابخانەکان، یەکێتی ئەوروپا (EU) بە هاوکاری هەردوو وەزارەتی پەروەردەی عێراق و هەرێمی کوردستان پرۆژەی (بنیادنانی تواناکان لە خوێندنی بنەڕەتی و ئامادەیی) دەستپێکردووە، ئەنجومەنی رۆشنبیریی بەریتانیا بە هاوکاریی دارایی لە لایەن یەکێتی ئەوروپاوە سەرپەرشتیی ئەو پرۆژەیە دەکات، کە لە مانگی شوباتی ٢٠١٧ دەستی پێکردووە و بڕیارە تاوەکو مانگی ئایاری ٢٠٢٠ بەردەوام بێت. ئەم پرۆژەیە کار لەسەر چوار تەوەری سەرەکی دەکات، لەوانە: تەوەری رێنماییکاران، سەرپەرشتیاران، قوتابیانی کەمئەندام و قوتابیانی دابڕاو لە خوێندن. بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان باس لە گرنگیی پرۆژەکە و چۆنیەتی جێبەجێکردنی دەکەن.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



**بەپێی ڕووپێوەکان ئەو منداڵانەی لەخوێندن دابڕاون لە کوردستان بەراورد بە شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق ڕێژەیان زۆر کەمترە**

**لەو شوێنانەی کە شەڕی تیرۆرستانی تێدا کراوە، ڕێژەی وازهێنانی منداڵان لە خوێندن زۆر بەرزە**

**تا ئێستا لە هەردوو وەزارەتی پەروەردەی عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ منداڵانی خاوە پێداویستی تایبەت سیستەمێکی تۆکمە نەبووە**

سەرەتا سەرپەرشتیاری پەروەردەیی ئیراد منوچر سان ئەحمەد، کە یەکێکە لە هەماهەنگیکارانی پڕۆژەکە لە هەڵەبجە، ئاماژە بەوە دەکات کە: «لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا کەرتی پەروەردە لە عێراق و هەرێمی کوردستان، تووشی بێ بودجەیی و داڕمانی ژێرخانی ئابووری و کەمبوونەوەی بەهای سەرچاوە مرۆییەکان بووە و تا ئێستاش کەلێنێکی گەورە هەیە لە ڕێژەی ئامادەنەبوونی قوتابیان لە قوتابخانەکاندا، کە بە ڕێژەی یەك بۆ دە منداڵ لە تەمەنی قۆناغی بنەڕەتی لە خوێندن بێبەش دەبن، لەم نێوەندەشدا کچان زیاتر پشکیان بەرکەوتووە، چونکە زیاتر ئەو ئەرکانە جێبەجێ دەکەن کە کەلتوور و ژینگەی ئابووری بەسەریاندا سەپاندوویەتی. لەم ڕوانگەیەوە سیستەمی خوێندن سەرکەوتوو نەبووە لە پڕکردنەوەی کەلێنی ئامادەبوونەبوونی منداڵان و حۆدزینەوەیان لە قوتابخانەکاندا. بۆ ئەم مەبەستە، بنیادنانی تواناکان پێویستە بۆ بەڕێوەبەری قوتابخانەکان و بەڕێوەبەرە پەروەردەییەکانی دیکە لەسەرجەم ناوچەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان. بەڕێوەبەری قوتابخانەکان بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بن بەسەر ئەم کۆسپەدا، پێویستە برەو بدەن بە تەکنیکەکانی بەڕێوەبردنی قوتابخانە و کۆکردنەوەی داتا و تەکنیکەکانی هاندانی بەشداری پێکردنی کۆمەڵگە. لەلایەکی دیکەوە مامۆستایان بەهەمان شێوەی بەڕیوەبەرەکان ئامادەگییان نییە بۆ ئەم دۆزە، چونکە چانسەکانی ڕاهێنانیان پێش دەستپێکردنی خزمەت زۆر کەمە، دوای دەستبەکاربوونیشیان پڕۆگرامەکانی ڕاهێنان زۆر سنووردارە کراوە.» جەختی لەوەش کردەوە کە «خوێندنی منداڵانی خاوەن پێداویستیی تایبەت (ئەوانەی کە گرفتی ئەقڵی و جەستەیان هەیە) یەکێکی دیکەیە لە پێشینەی کارەکان کە پێویستە کاری لەسەر بکرێت، بۆ ئەوەی ئەم منداڵانە بەردەوامبن لە خوێندن، چونکە تا ئێستا لە هەردوو وەزارەتی پەروەردەی عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ منداڵانی خاوە پێداویستی تایبەت سیستەمێکی تۆکمە نەبووە، نەبوونی پڕۆگرامی هاوچەرخ کێشەی گەورە بووەو وانەوتنەوەی سەردەمیانە بۆ ئەم منداڵانە دەستەبەر نەکراوە، کە زۆر پێویستە مامۆستای کارامە و پسپۆڕ بۆ ئەم توێژە تایبەتمەندە دابین بکرێت. بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە یەکێتی ئەورووپا (EU) بە هاوکاری هەردوو وەزارەتی پەروەردەی عێراق و هەرێمی کوردستان پڕۆگرامی بەزرکردنەوەی ئەدای قوتابخانەی هەیە، کە تێیدا ئەدای بەڕێوەبەر و مامۆستا و توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە ماوەی خزمەتکردندیاندا بەرز دەکاتەوە.

ئەو سەرپەرشتیاری پەروەردەییەو باسی ئەوەشی کرد، ئەنجومەنی ڕۆشنبیریی بەریتانیا بە وەرگرتنی هاوکاری دارایی لە یەکێتی ئەورووپا پڕۆگرامێکی گرنگی لە ژێر ناوی بنیادنانی تواناکان لە خوێندنی سەرتایی و ناوەندی لەعێراق و هەرێمی کوردستان ڕاگەیاندووە، پڕۆگرامەکەش جەخت دەکاتەوە لەسەر چاککردنی کوالیتی و یەکسانی لە سیستەمی خوێندنی بنەڕەتی و ئامادەیی لە عێراق و هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی بنیادنانی تواناکان لە هەردوو وەزارەتی پەروەردە و لە ئاستی قوتابخانەدا و ئامانجە سەرەکییەکانی پڕۆگرامەکەش بریتین لە:

١- زیادکردنی ڕێژەی خستنە بەرخوێندنی منداڵان لە ڕێگەی شیکردنەوەی هۆکارە سەرەکییەکانی خۆدزینەوە و وازهێنان لە قوتابخانە لەلایەن منداڵانەوە و گەشەپێدان و دانانی ستراتیژییەکان بۆ چارسەرکردنی ئەم گرفتە، هەڵمەتی (واز لە خوێندن ناهێنم)ی ڕاگەیاندووە.

٢- برەودان بە کوالێتیی خوێندن لە بنەڕەتی و ئامادەیی لە ڕێگەی بنیادنانی توناکان بۆ بەهێزکردنی پڕۆگرامەکانی خوێندن بەتایبەتی لە بواری زانستە مرۆییەکان، خوێندنی ئاشتی و مەدەنی، هەروەها پشتیوانیکردن لە منداڵانی خاوەن پێداویستیی تایبەت، منداڵانی ئاوارەو ئەو منداڵانەی کە گرفتی دەروونییان هەیە، وەك ئەوانەی تووشی شۆکی دەروونی دوای جەنگ بوونەوتەوە.

٣- زیادکردنی ئیمکانیاتی دەستکەوتنی خوێندن بۆ منداڵانی کەمتوانا لە ڕێگەی کۆکردنەوەی داتا سەرەکییەکان و نوێکردنەوەی یاساکانی تایبەت بە منداڵانی کەمتوانا و نوێکردنەوەی پڕۆگرامەکانی خوێندن و بنیادنانی تواناکانیان و زیادکردنی وشیاری چەمکەکانی مافی مرۆڤ.

٤- بەرزکردنەوەی کوالێتیی خوێندن لە ڕێگەی بەهێزکردنی دڵنیایی جۆری قوتابخانەکان بە گوێرەی ستاندەرکان کە ئێستا کاری پێدەکرێت لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی عێراق و هەرێمی کوردستان.

ئەم پڕۆژەیە لە زۆرێك لە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پەروەردەی هەرێمی کوردستان پیادە دەکرێت و سەرکەوتنی بەدەستهێناوە.»

جەلال هەمزە کاکەشین
بەڕێوەبەری گشتیی



سەرپەرشتیاری پەروەردەیی و دڵنیایی جۆری لە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: « لە ساڵی ٢٠٠٩ کۆمەڵێك پرۆژەی پەروەردەیی هاتووەتە کوردستان، بەڵام پرۆژەی بنیادنانی تواناكان بۆ قۆناغی بنەڕەتی و ئامادەیی، لەلایەن ئەنجومەنی رۆشنبیریی بەریتانی پرۆگرامێکی پێشکەوتووە و بۆ یەکەمجار لە کوردستان لە کۆیە دەستمان پێکرد دواتر پەرەی سەند ئینجا بە چەندین وۆرك شۆپ و کۆڕ و کۆبوونەوە و سیمینار گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە پێویستمان بە پێوەرە، پێوەر بۆ هەڵسەنگاندن، پێوەر بۆ هەموو تاکێك کە لە ناوەندەکانی خوێندندا دانراوە، ئەگەرچی پێشتر پێوەر هەبووە، بەڵام ئەو پێوەرانەی کە لە پرۆژەکەی ئەنجومەتی رۆشنبیریی بەریتانیدایە پێوەری نێودەوڵەتین و دەکرێت جێگەی متمانە بن، پێوەر بۆ هەڵسەنگاندنی رێنمایی کار و بەڕێوەبەر و یاریدەدەر و مامۆستایان دانراوە، راستە ئەنجومەنی رۆشنبیریی بەریتانیا هاوکاری کردووین و پرۆژەکەش هی ئەوانە، بەڵام ئەو قۆناغانەمان بە هەوڵ و کۆشش و ماندووبوونی خۆمان وەکو پەروەردەی حکومەتی هەرێم بڕیوە، لەلایەکی دیکەوە چەمکێکی نوێ بۆ سەرپەرشتیاران بەکاردێت کە پێی دەڵێن: هاوڕێی رەخنەگر، هەر لە چوارچێوەی ئەو پرۆژەیە لە دوای پەسەندکردنی لەلایەن وەزیری پەروەردەوە، ئێمە شێوازێکی نوێی کارکردنی سەرپەرشتیارانمان گرتەبەر، ساڵی پار لە چوار بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە جێبەجێمان کرد، یەکیان لە پەروەردەی رۆژئاوا لە دهۆك، پەروەردەی ناوەند لە هەولێر، پەروەردەی رۆژهەڵات لە سلێمانی لەگەڵ پەروەردەی گەرمیان، ئەو شێوازە تازەیەی ئێستا جیایە لە شێوازە کلاسیکییەکەی پێشتر، کە بریتییە لە سەردانیکردنی قوتابخانەکان لەلایەن سەرپەرشتیاران، پێشتر هەر سەرپەرشتیارێك بەپێی پسپۆڕیی خۆی سەردانی مامۆستایەکی دەکرد، ئەوەش کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبوو لە پەرەپێدانی توانای مامۆستایان و بەرزکردنەوەی ئاستی ناوەندەکانی خوێندن، بەڵکو دەبێت سەرپەرشتیاران بە گرووپ سەردانی قوتابخانەکان بکەن و هەڵسەنگاندن بکەن، هەڵسەنگاندنیش دەدرێتە بەڕێوەبەر، چونکە بەڕێوەبەر سەرپەرشتیارێکی نیشتەجێی هەمیشەییە، جگە لەوەش هەر قوتابخانەیەك سەرپەرشتیارێکی وەك هاوڕێی رەخنەگر لە سەرەتای ساڵەوە تاوەکو کۆتایی ساڵی خوێندن لەم قوتابخانەیە دەبێت، بۆ ئەوەی لە ئیش و کارەکانیان هاوکاریان بێت، هاوکات لە هەر قوتابخانەیەك لیژنەیەکی پەرەپێدان دادەندرێت، پاشان هەڵسەنگاندنی قوتابخانەکان بەشێوەی گرووپ دەبێت و ماوەی دوو تا سێ رۆژ لەو قوتابخانەیە دەمێننەوە، بۆ ئەوەی دوای هەڵسەنگاندن راپۆرتی کۆتایی بدەنە سەرووی خۆیان، بۆ ئەو مەبەستەش راهێنانمان بە سەرپەرشتیاران کردووە، لەم مانگەشدا کۆمەڵێ راهێنانی دیکەیان پێ دەکەین، بۆ ئەوەی ئەوانیش راهێنان بە بەڕێوەبەری قوتابخانەکان بکەن، لە ئێستادا بە سوودوەرگرتن لە ئەزموونی ئەنجومەنی رۆشنبیریی بەریتانی و هاوکاریکردنیان بۆ ئەمساڵ کردوومانە بە شەش پەروەردە و کەرکووك و هەڵەبجەشمان لەگەڵ داناوە.»

شیلان خەلیل بەڕێوەبەری گشتیی فێرکردنی بنەڕەتی و باخچەی ساوایان بە وەکالەت، هێما بۆ ئەوە دەکات کە «خوێندن مافێکی سەرەکیی منداڵە و ئامانجی سەرەکیش لە جێبەجێکردنی پرۆژە و پرۆگرامی قوتابیانی دابڕاو لە خوێندن، ئەوەیە منداڵان مافیان نەفەوتێت، ئێمە ئێستا لە قۆناغی کۆکردنەوەی زانیاریداین، ئەو قۆناغەش وردەکاری و کاتی زۆری پێویستە، چونکە پرۆژەیەکی زۆر گرنگە و پێویستی بە دیراسەکردن و بەدواداچوونی زۆرە، ئایا ڕێژەکە لە خێزانە هەژارەکان یان دەوڵەمەندەکان زۆرترە؟ ئایا لە ناو شار، یان لە گوند و لادێکان زیاترە؟ ئایا ڕێژەی کچان یان کوڕان زیاترە؟ ئەوانە و زۆر پرسیاری دیکە دەبێت وەڵامەکانی دەست بخەین.» گوتیشی: «بەداخەوە دابڕانی منداڵ لە قوتابخانە زیانێکی زۆر لە منداڵەکە دەدات، بۆیە لەو پرۆژەیە لە بەرنامەماندایە سەرەتا بە دوای دۆزینەوەی ئاستەنگەکاندا بڕۆین و هەوڵدەدەین هۆکارەکانی وازهێنانی منداڵان لە خوێندن بدۆزینەوە، دوای تەواوکردنی ئەو کارانە پڕۆژەکەمان دەچێتە بواری جێبەجێکردن.»

شیلان خەلیل ئەوەشی دووپات کردەوە کە لە هەموو شار و شارۆچکە و گوندەکانیشدا قوتابخانە هەیە، کە بەداخەوە ژمارەیەکی زۆری منداڵ لە خوێندن بێبەش دەبن، بۆیە ئێمە ئەگەر هۆکارەکەی نەزانین، ناتوانین کێشەکە چارەسەر بکەین، ئایا هۆکارەکەی ژینگەی قوتابییە، یان هۆکارەکەی داراییە، یان دووریی قوتابخانەیە لە ماڵ، یا هۆکاری دەروونییە کە بۆچی قوتابی حەز لە قوتابخانە ناکات؟ ئایا مامۆستا هۆکارە؟ بۆیە هەوڵ دەدەین ئەوکات بەپێی پێویست چارەسەر بدۆزینەوە، دواتر بەپێی تەمەن دووبارە بیاننێرینەوە بەر خوێندن، ئەگەر تەمەن ڕێگر بوو لە گەڕنەوەی بۆ قۆناغی بنەڕەتی لەو کاتەدا دەکرێت لە ڕێگەی خوێندنی خێرا درێژە بە خوێندن بدەن، بەپێی رووپێوەکانمان ئەو منداڵانەی لە خوێندن دابڕاون لە کوردستان بەراورد بە شارەکانی خواروو و ناوەڕاستی عێراق ڕێژەیان زۆر کەمترە، بەڵام بەداخەوە لەو شوێنانەی کە شەڕی تیرۆرستانی داعش تێدا کراوە، ڕێژەی وازهێنان لە خوێندن زۆرە و شەڕ لەم ناوچانە زیاتر لە دوو ساڵی خایاندووە، ئەو دۆخەش خەتای دەسەڵات و حکومەتی تێدا نەبوو، وەك ئاشكرایە هەمیشە حکومەتی هەرێم لە خەمی ئەوەدا بووە قوتابخانە دروست بکات و بایەخی زۆر بە ناوەندەکانی خوێندن دەدات.

**نەبوونی پرۆگرامی هاوچەرخ کێشەی گەورەی منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت بووەو وانەوتنەوەی سەردەمیانە بۆ ئەم منداڵانە دەستەبەر نەکراوە**

**پێویستە کاری جددی بکرێت بۆ زیادکردنی ڕێژەی خستنە بەرخوێندنی منداڵان لە ڕێگەی شیکردنەوەی هۆکارە سەرەکییەکانی خۆدزینەوە و وازهێنان لە قوتابخانە**

**لە هەر قوتابخانەیەک سەرپەرشتیارێک وەک هاوڕێی ڕەخنەگر لە سەرەتای ساڵەوە تاوەکو کۆتایی ساڵی خوێندن دەبێت، بۆ ئەوەی هاوکارییان بێت**



# ڕێگریکردن لە هاوسەرگیریی کچی بەتەمەن داهاتووی دەخاتە مەترسییەوە

ئەگەرچی زوو بە شوودانی کچانی کەم تەمەن (ژێر تەمەنی یاسایی ١٨ساڵ) زۆر مەترسیدارە، بەڵام ڕێگریکردن لە هاوسەرگیریی کچانی بەتەمەنیش لە لایەن باوانەوە بە هەمان ئاست و زیاتریش مەترسیدارە، بۆیە زۆرن ژمارەی ئەو کچانەی کە شوو بە پیاوی بەساڵاچوو دەکەن و دواتر بۆ هەموو تەمەنیان لە ناو پەشیمانی و خەمۆکیدا دەژین. دەیان چیرۆك و بەسەرهاتی وا روویان داوە و کەمتریان تۆمار کراون، بۆیە بە شاراوەیی ماونەتەوە، لێرەدا بەسەرهاتی دوو نموونەیان بۆ خوێنەرانی گۆڤاری گوڵان دەخەینەڕوو.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

شەونم ئافرەتێکی باڵابەرزی ئەسمەر و چاو رەشە و وەك خۆی باسیکرد، تەمەنی لە ٤١ ساڵ تێپەڕیوە و لە کاتی پێگەیشتنیەوە دەیان خوازبێنی بۆ هاتووە، بەڵام هەر جارەو باوك و براکانی بە بیانووی جۆراوجۆر رەتیان کردووەتەوە. ئەو بەمجۆرە بەسەرهاتی خۆی دەگێڕێتەوە: «کاتی خۆی کە گەنج بووم، زۆر داواکارم دەهات، تەمەنم هێشتا ١٦ ساڵ بوو، لە خزمەوە بیگەرە تا بێگانە بەردەوام خوازبێنییان دەکردم، بەڵام باوکم هەموو جارێك بە بیانووی جۆراوجۆر رەتی دەکردەوە، ئەوەندە خوازبێنیم دەهات، کە دواجار بڕیاری دا، واز لە خوێندنیش بهێنم و ببمە کچی ماڵەوە. دواتر براکانیشم هاتنە پاڵ باوکم و نازانم بۆچی هەموویان ئەوەی داوای منی بکردایە، وەك دوژمن سەیریان دەکرد. هەتا تەمەنم بوو ٣٥ ساڵان نەیانهێشت شوو بکەم، دوای ئەوەش خوازبێنیکارم نەما و خزم و بێگانە بە قەیرەکچ ناویان دەبردم. بەڕاستی باوکم و براکانم پیریان کردم، زۆرجار بە گوێی خۆم بیستوومە لە خزم و بێگانە بە قەیرەکچ ناویان بردووم، بۆیە بڕیارم دا، هەر کەسێك بێتە خوازبێنیم مێردی پێ بکەم، تەنانەت ئەگەر ئیفلیجیش بیت، ئەوە بوو شەش ساڵ پێش ئێستا ئەم پیاوەی کە ئێستا هاوسەرمە هاتەخوازبێنیم، فوول سبووغی کردبوو، پێیەوە دیار نەبوو تەمەنی حەفتا ساڵ زیاتر بوو، باری دارایيشی زۆر باش بوو، ژنەکەی پێشووی نەخۆش بوو، بەڵام کچی بە مێرد و چوار بووك حەوت هەشت نەوەشی هەبوو، دیسان باوك و براکانم رەتیان کردەوە، وتیان تەمەنی زۆر گەورەیە خۆت حەیف مەکە، بەڵام ئیتر ماندوو بووم لە قسەی خەڵك و رێگرییەکانی باوك و براکانم بۆیە شووم پێ کرد.»

شەونم باسی ئەوەشی کرد کە لەئێستادا «هەوێ»یەکەی (هاوسەری یەکەمی مێردەکەی) کۆچی دوایی کردووە و لەو ماوەیە زۆر خزمەتی کردووە، چونکە نەخۆش بووە، هەر لە بەر ئەوەش کوڕ و کچەکانی زۆر رێزی دەگرن، گوتیشی: «خوا هەڵناگرێ مێردەکەم قەد بێڕێزی پێ نەکردووم، بەڵام ئەوەتا من ٤١ ساڵمە و ئەو دوو ئەوەندەی من تەمەنیەتی و ئێستاش لە سەرەمەرگدایە و زۆر نەخۆشە، بۆیە گەردنی ئازاد دەکەم و گلەییم لەو نییە. بەڵام داوا لە هەموو ماڵە باوان و باوکان دەکەم، ئەوەندە رێگری لە شووکردنی کچی خۆیان نەکەن، کە ناچار بێت چارەنووسی خۆی تووشی کێشەی زۆر و ژیانێکی ناخۆش بکات»

موقەدەمی مافپەروەر ژیلەمۆ عەبدولقادر بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر، بەسەرهاتی هاوشێوەی ئافرەتێکی دیکەی وای تۆمارکردووە و هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «ئافرەتێك هەفتەیەك بوو بەردەوام تێلی دەکرد و دەیگوت دەمەوێ مێرد بە کەسێك بکەم، بەڵام باوکم رازی نییە. هەرچەند رێنمایی دەکرا کە تەمەنی یاسایی خۆی و ئەو کەسەی دەیەوێ شووی پێ بکات، تەواوە و دەتوانن بچن بۆ دادگا و بەبێ رەزامەندیی باوکی گرێبەستی هاوسەرگیری بکەن، بەڵام هەر دەیگوت نابێت، تا رۆژێك خۆی سەردانی کردین. کاتێك لێمان پرسی ئەو کەسە کێیە کە دەتەوێ شووی پێ بکەی، وتی: کەسێکە باکگراوندێکی ئایینی و کۆمەڵایەتی هەیە و سێ ژنیشی هەیە، ٣٠ ساڵیش لە خۆم بەتەمەنترە. زۆرمان ئامۆژگاری کرد کە وازی لێ بهێنێ، بەڵام ئەو هەر پێداگری دەکرد شووی پێ بکات. بۆیە بانگی باوکی کچەکە و ئەو پیاوەمان کرد کە دەیویست ئەو کچە بخوازێت، لە پیاوەکەمان پرسی: ئامادەی ئەو کچە بخوازی؟ وتی: بەڵێ، چوومەتە خوازبێنیشی، بەڵام باوکی رازی نییە. باوکی کچەکەش زۆر بە توندی وەڵامی دایەوە و وتی: تۆ کچەکەی منت هەڵخەڵەتاندووە، تۆ سێ ژنت هەیە، ئەگەر ژنەکانت رازین من کچەکەی خۆمت دەدەمێ. پیاوەکەش وتی: نەخێر رازی نین، بەڵام کێشە نییە لە دادگای مەخموور مارەی دەکەم. باوکی کچەکە رووی لە ئێمە کرد و وتی: ئێوە رێگە دەدەن کچەکەم مێرد بە کەسێك بکاتکە سێ ژنی هەبێت و ٣٠ ساڵ لە کچەکەی من گەورەتر بێ؟»

موقەدەم ژیلەمۆ باس لەوەدەکات کە «ئێمە لەو حاڵەتەدا تەنیا توانیمان ئامۆژگاری کچەکە بکەین کە باش نییە مێرد بەو پیاوە بکا. بە پیاوەکەشمان وت دەبێ ژنەکانی رازی بن، ئەگەر رازی نەبن و سکاڵات لەسەر تۆمار بکەن، ئەوا بەپێی یاسای باری کەسی هەموارکراو ژمارە ١٥ی ساڵی ٢٠٠٨ دادگایی دەکرێی و سزاکەشت بەلانیکەم شەش مانگ زیندانی و ١٠ ملیۆن دینار غەرامە دەبێت، بەڵام ئەو دەیگوت باکم نییە و دەچم لە مەخموور مارەی دەکەم، ئەگەر باوکی کچەکە رازی بێت. باوکی کچەکەش وتی: من بە هیچ شێوەیەك رازی نیم کچەکەم شوو بەو پیاوە بکات، بەڵام کچەکەی وتی: من تەمەنم ٣٠ ساڵە و ناگەڕێمەوە ماڵەوە و مێردیشی پێ دەکەم. کەچی پیاوەکە پێی وت بە تەمای من مەبە و بۆ خۆت بڕۆوە بۆ ماڵی باوکت. کچەکە کە گوێی لەو قسەیە بوو، وتی: واتە تۆ منت ناوێت! من لەبەر خاتری تۆ خەریکە حاشا لە کەسوکارم دەکەم، تۆش ئەوە هەڵوێستتە؟ لە کۆتاییدا کچەکە گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە ئەو شووکردنە لە بەرژەوەندیی ئەو نییە و پەشیمان بووەوە، بەڵام بەر لەوەی بڕوات وتی: بۆیە ئەو کارەم کرد چونکە هەر کەسێك دەهاتە خوازبێنیم، باوکم کۆسپی بۆ دروست دەکرد. بۆیە بەڵێننامە لە باوکی وەرگیرا کە چیدی گرفت بۆ شووکردنی کچەکەی دروست نەکات».

**«لە داخی باوك و براکانم شووم بە پیاوێکی پیری خاوەن بووک و زاوا و نەوە کرد»**

**زۆرجار بە گوێی خۆم بیستوومە لە خزم و بێگانە بە قەیرەکچ ناویان بردووم، بۆیە بڕیارم دا، هەر کەسێک بێتە خوازبێنیم مێردی پێ بکەم، تەنانەت ئەگەر ئیفلیجیش بیت**

**داوا لە هەموو ماڵە باوان و باوکان دەکەم، ئەوەندە رێگری لە شووکردنی کچی خۆیان نەکەن، کە ناچار بێت چارەنووسی خۆی تووشی کێشەی زۆر و ژیانێکی ناخۆش بکات**